# کوردانی تووڕە لە سەرکردایەتیەکەیان مەزارگایەک وێران دەکەن

ڕۆژنامەی زی نیویۆرک تایمس[1] The New York Times
ڕۆبەرت ف. ووێرت Robert F. Worth
**١٧ ئازار ٢٠٠٦**

هەڵەبجە - ئێراق ١٦ ئازار – لەم سووچە شاخاوییەی باکووری ئێراقدا لە نێزیکەی دوو دەیەدا کوردەکان ئاشتیانە کۆبوونەتەوە تا ساڵیادی یەکێك لە ڕەشترین ڕۆژەکانی مێژوو بکەنەوە. ئێرەبوو کە حوکمەتی سەددام حسێن هێرشی گازی کیمیاوی کردە سەر و لە ١٦ ئازاری ١٩٨٨ دا زیاتر لە ٥٠٠٠ کەسی تیا کوشت.
لەبەرئەوە وەکو سەدمەیەك بوو کاتێك کە سەدان نارەزاییدەربڕی بەردهاوێژ لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێککەوتی ساڵیادەکەدا بەگژ پاسەوانانی حوکمەتدا چوونەوە تا هێرش بکەنە سەر ئەو مۆزەخانەیە کە پێشکەش بە بیرەوەری هێرشی سەر هەڵەبجە کراوە و وێرانی بکەن.
هەراکە، بەگژداچوونی دانیشتوانی زۆر تووڕەی ناوچەکە دژ بە هێزێکی زۆر بچووکتری پیاوانی ئاسایشی چەکدار لە خۆیان، یەکێك بوو لە هەرە جیددیترین بەگژداهاتنەوە گەلییەکان دژ بەو پارتە سیاسیانە کە کوردستانی ئێراقیان لەو ١٥ ساڵەی دوواییدا بەڕێوە بردووە. ڕوودانی ئەمە لە هەمان ڕۆژدا کە پەرلەمانی ئێراقی تێدا کۆبووەوە، وەبیرهێنانەوەیەك بوو سەبارەت بەوەی کە ئەوەی کە ڕووبەڕووی ئێراق دەبێتەوە زۆر زیاترە لە شەڕکردن دژ بە شەڕکەرانی عەرەبی سوننە و ڕێککەوتنی کابینەی وەزیران لە بەغداد.
هەرچەندە کوردستان تا ڕادەیەك وەك مێرگێکی سەقامگیر ماوەتەوە لە وڵاتێکدا کە بە پشێوی سێکتاری لە مەترسیدایە، نارەزاییەکانی ئێرە - کە مۆنۆمێنتە بەناوبانگەکەی هەڵەبجەی کرد بە وێرانەیەکی سووتاوی دووکەڵ لێهەستاو، بە توندی وەکو نموونە، ئەو بەرەنگاربوونەوەیەی تەنانەت لە هەرە هەرێمی ئارامی ئێراقدا نیشاندا.
زۆر کورد تا دێت تووڕەتربوون لەوەی کە بە گەندەڵی و زوڵمی ئەو دوو پارتە سیاسیە سەرەکیەی دەبینن. ئەو کوردانە حوکمەتی هەرێمی خۆیان بە دزینی ئەو کۆمەکە تاوانبار دەکەن کە بۆ ئەوە کۆکراوەتەوە کە یارمەتی ئەوانەی پێ بدرێت کە لە هێرشە کیمیاویەکە ڕزگاریان بووە. دانیشتوانی شارەکە بڕیاریاندا ڕۆژی پێنجشەممە جادە سەرەکیەکەی شارەکە بگرن و دژ بە گەندەڵیی حوکمەت خۆپیشان بدەن. کاتێك کە پاسەوانانی حوکمەت تەقەیان بە سەر سەری نارەزاییدەربڕەکاندا کرد، جەماوەرەکە تووڕەیی هەژاندنی و هێرشیان بردە سەر مۆنۆمێنتەکە.
ئەو وێرانکردنە کتوپڕ و خوازراوەی سیمبولێکی ئاوا بەناوبانگی ئازارچێشتنی کورد بە ڕوونی کاربەدەستانی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانی واق وڕماند، کە بەشی خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبات. بەڵام زۆر لە خەڵکی دانیشتووان، بەوانەشەوە کە لە هێرشەکەی ١٩٨٨ دا ڕزگار بوون – دەڵێن خەتاکە هی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستانە، کە مۆنۆمێنتەکەیان کردووە بە هێمای زوڵم و چاوچنۆکی خۆیان.
سەروەت عەزیز، تەمەن ٢٤ ساڵ، کە ڕووەو مۆزەخانەکە دەجما تێکەڵاو بە کۆمەڵێك لاوی تووڕەی دەم بە دروشم، گوتی "هەموو ئەو پارانەی دەوڵەتانی بیانی داویانە دزراون. پاش ١٨ ساڵ، هەڵەبجە هێشتا پڕە لە پۆخەڵەواتی جەنگ، تەنانەت جادەی باشیشمان نییە."

---
[1] http://www.nytimes.com/2006/03/17/international/middleeast/17kurds.html?_r=1&oref=slogin

لەو مانگانەی دوواییدا چەند نارەزایی دەربرینێك دژ بە یەكێتی نیشتیمانیی كوردستان، كە سەرەككۆماری ئێراق، جەلال تالەبانی، رابەرایەتی دەكات، و پارتی دیموكراتی كوردستان كە بەشی خۆرئاوای هەرێمی كوردستان دەبات بەرێوە و مەسعود بارزانی سەرۆكیەتی، روویان داوە. بەڵام هیچ كام لەوانە خۆی لە قەرەی ئەم هەرایەیان نەداوە كە پێنجشەمە لە هەڵەبجە روویدا.

بەترس لە هەبوونی چاوی رایگشتیی لەسەریان، ئەندامانی چەكداری یەكێتی، دوو جار هەوڵیاندا دەست بەسەر كامێراكانی فۆتۆگرافكارێكی رۆژنامەی "زی نیویۆرك تایمس" ـ دا بگرن كە بە ئۆتۆمبیل لە ئێوارەی پێنجشەممەدا هەڵەبجەی بەجێدەهێشت، و پاسەوانەكان تەنها بە تكا كردن لە كاربەدەستانی باڵای یەكێتی وازیان لێهێنا.

لە كۆنفرانسێكی رۆژنامەوانی بە پەلە گیراودا لە هەڵەبجە، عیماد ئەحمەد، راسپێردراوی سەرەكوەزیریی هەرێم و كاربەدەستێكی یەكێتی نیشتیمانیی گوتی كە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان "هەوڵ دەدات شوێنی ئەو كەموكورتی و گەندەڵیانە بدۆزێتەوە كە لە ناو ئیدارەكەدا هەن". ئەوجا گوتی كە خۆپیشاندانەكە ئاشتیانە دەستی پێكردووە و پاشان دەستی دەرەوەوە كەوتووەتە ناوی و دەستی بەسەردا گرتووە، و ددانی پیادانا كە دەشێت خەتای ئیسلامییە رادیكالەكان بێت.

عیماد ئەحمەد دەڵێت "دەستێك لە پشت ئەم رووداوەوە هەیە، و ئێمە دەبێت ئەو دەستە ببڕین".

بزووتنەوەیەكی ئیسلامیی ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵەبجە هەیە، بەڵام هیچ نیشانەیەك نەبوو كە ئەوان لە رێكخستنی خۆپیشاندانەكەدا رۆڵیان هەبووبێت.

وا كە دەردەكەوت، هێرشەكە بۆ سەر مۆنۆمێنتەكەی هەڵەبجە دەربرینێكی راستەقینەی رقی گەلیی بێت. جەماوەرەكە پێكهاتبوو لە لاوان و پیران، پیاوان و ئافرەتان. زۆربەیان وا دیاربوون كە مۆزەخانەكەیان – كە لە مانگی نۆی ساڵی ٢٠٠٣ دا لە سەردانێكی كۆلین پاوڵدا كرایەوە كە ئەو كاتە وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا بوو –وەك دارەدەستی حوكمەتێكی نارەوا دەبینی.

بەختیار ئەحمەد بە سەری ئاماژە بۆ مۆزەخانەكە دەكات كە گۆپكە زەردە تاجشێوەكەی دیار دەنوێنێت و دەڵێت "ئا ئەو مۆنۆمێنتەی ئەویا بووە بە گەورەترین گرفت بۆ هەڵەبجە. هەموو میوانێكی بیانی دەهێنرێن بۆ ئێرە، نە بۆ شارەكە".

لە نێزیكەوە، تارا رەحیم، كچە ١٩ ساڵەیەكی بێدەنگ كە بە جوانی عەبایەكی كردووەتە بەری و لەچكی بەستووە، گوتی بۆ ئەوە هاتووم كە سەر لە زارای خوشكم بدەم كە لە هێرشەكەی ١٩٨٨ دا كوژراوە و بۆ ئەوەی رێگا لە یەكێتی نیشتیمانیی كوردستان بگرم تا كەڵكی بەرئاوەژوو لەم ساڵیادە نەكات.

تارا رەحیم كە لەگەڵ گرووپێكی هەشت كەسیی وەكو خۆی لاوی هاوپۆشاكدا راوەستاوە دەڵێت "كاربەدەستانی كورد هەڵەبجەیان بۆ پارەپەیداكردن بەكارهێنا. ملیۆنان دۆلار سەرف كراوە، بەڵام هیچی بە ئێمە نەگەیشتووە".

نارەزایی دەربرینەكە كاتژمێر ٩ ـی بەیانی دەستی پێكرد كە دانیشتووان رژانە ناو جادە سەرەكیەكەی هەڵەبجەوە و ئاوریان لە تایەری ئۆتۆمبیل بەردا. لەگەڵ زۆربوونی جەماوەرەكەدا، نارەزایی دەربران رووەو مۆنۆمێنتەكە رۆیشتن و بەردبارانی ئەو تابلۆیەیان دەكرد كە بە زمانی كوردیی لێی نووسراوە "هیچ بەعسیەك بۆی نییە بێتە ژوور". ئەو تابلۆییە پارچە پارچە بوو.

نێزیکەی چل (٤٠) پاسەوانێکی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان لە چواردەوری مۆنۆمێنتەکە وێستابوون، دەستیان کرد بە تەقاندنی چەکی درێژی دەستڕێژ بە هەوادا. دەنگەکە وەك گرمەی هەور بەسەر ئەو چیا سەختە بە بەفر داپۆشراوانەدا سەدای دەدایەوە کە چەند کیلۆمەترێك لێرەوە دوور دەبن بە سنووری ئێران.

ئەو تەقەکردنە تەنها ڕقی خەڵکەکەی ئەستوورتر کرد، و هاوکات کە پاسەوانەکان لە شپرزەییدا پاشەکشێیان کرد، نارەزاییدەربڕان گەیشتنە مۆنۆمێنتەکە و بە بەرد دەستیان کرد بە شکاندنی پەنجەرە و جامخانەکانی. لە ژوورەوە نارەزاییدەربڕەکان نەوتیان لە قووتوویەکدا دەکرد پیایدا و گڕیان تێ بەردا. لە چەند خولەکێکدا، بڵێسەی ئاور لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە دەر و دووکەڵێکی چڕی ڕەشیش بەرەو ئاسمانی شین و ساماڵ لوولی دەخوارد.

پاسەوانەکان بەرەو لای مۆنۆمێنتەکە ڕۆیشتنەوە و هەندێکیان دەستیان کرد بە تەقە بە ناو خەڵکەکەدا کە لە پاشەکشێدا بوون. یەك گوللە بەر کوردستان ئەحمەد کەوت کە کچێکی تەمەن ١٧ساڵی خوێندکاری باڵا بوو و سنگی دڕی. کوردستان ئەحمەد بەسەر گیاکەدا کەوتوو و گیانی سپارد.

لە نیوەڕۆدا هەراکە تەواو بوو. نارەزاییدەربڕێك کوژرا و شەش دانەش بریندار بوون. زۆربەی زۆری پاسەوانانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان گەڕانەوە بۆ بنکەکانی خۆیان لە دەوری شار، و مۆنۆمێنتەکەیان وەك تەپۆلکەیەکی ڕەش لە شووشەی شکاو و خشتی رووخاو بەجێهێشت.

لە نەخۆشخانە، دایکانی پەشۆکاو لە کوڕەکانیان دەگەڕان. ڕۆشنا سەدیق، تەمەن ٣١ساڵ، بە ڕووخساری خەفەتبارەوە، دەڵێت "من بێ کەوش لە هێرشی گازبارانەکە دەربازبووم، ئێستاش دەبێت بێم بۆ ئێرە و بزانم هیچ کەسوکارێکم بەرنەکەوتووە."

هەراکە ڕەنگێکی سوریالیستی لە پێوەندی ئەو شاخ و کێوە ئارامەدا دروست کردبوو کە تەنها چەند سەد مەتریك دوور شوانێك بە جلوبەرگی کوردیەوە مەڕەکانی لەسەر ئەو سەوزە گیایە دەلەوەڕاند کەوەك باخی عەدەن سەوزە.

پاشان، ئەندامانی خێزان و هاوڕێیان لە مزگەوتێکی هەڵەبجە کۆبوونەوە بۆ خوێندنی قورئان لەسەر تەرمی ئەو کچە گەنجە، لە بەتانیەکەوە پێچراو و لەسەر زەویەکە دانرابوو. زۆرکەس کە خۆیان پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا و هەنسکیان دەدا، ناوی ئەویان لەبەر خۆیانەوە دەگوتەوە. هەموو دەلاوانەوە و ڕوومەتی خۆیان دەڕنی "کوردستان. ئاخ کوردستانەکەم."

یەریڤان ئەدهەم Yerevan Adham هاوکاری ئامادەکردنی ئەم هەواڵەی کردووین.

تێبینی: ئەم وتارە، هەر ئەمڕۆ ١٧ ئازاری ٢٠٠٦، لە ڕۆژنامەی ئینتەرناشنال هێراڵد تریبن[2] International Herald Tribune دا بڵاو کراوەتەوە (ڕێبوار ڕەشید).

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٦/٣/١٧

[2] http://www.iht.com/pages/index.php